# سێیەم وەرزی تەنیایی

**ئارام شوانی**

بایی ئەم ئێوارەیە هەناسەم بەرێ ئەی مەرگ
ژوانێکم لەگەڵ تەنیایی ئەو شەقامەدا هەیە..
دەمەوێت سکێچی منالێکی برسی بکێشم
کە تورەیی (با)ی ئەم بەیانییە
دەستەکانی لێسەندووە
سەری نائومێدیی لەسەر ئەژنۆی وەڕس بوو ..
تەنیا ئەم ئێوارەیەم دەوێ
لێم گەڕێ دواین خەوی پاڵ عەرەبانەیەك ببینم ئەم شەو ..
دیارە پیاسەی دواین ئێوارەی شارمە ..
کە نائومێدی دەستم دەگرێو
دوو ڕکات نوێژی مەرگم پێ ئەدا ئەکات ..
ڕێگەم بدە ئەی مەرگ .. دواین ئێوارەی ژیانمە ..
بافریای نووسینەوەی
وەسێتنامەیەك بۆ نیشتمانو
ئەرشیفی دوایین یادگارییەکانی شارم بکەوم ..
ئەوسا ژیان پیرۆزی تۆ بێت ..
ئیتر وەڕس بووم لە نیگاکردن لەمانگ
ورشە ورشی ئەستێرەکان بێزاری کردووم ..
ئیتر چاوەڕێی کردنەوەی هیچ دەرگایەکیش نیم ..
پەنجەرەی هەموو ئومێدەکانیشم بۆ ئێوە ..
گریانەکانی دایکیشم بۆ منداڵە چەتوونەکانی ماڵ جێدەهێڵم ..
دەچمەوە باوەشی ئازیزترین هاوڕێم ..
فاتیحای هیچ کەسیشم پێ ناگات ..
چونکە هەموو تەلقینەکانتان بۆمن درۆ بوو ..
دەرگای هەموو ماڵەکانی شار
غەریبی ڕەنگم دەکەن ..
بەختم لە دوعای هیچ بەیانییەکی نەنکمدا نەماوە ..
نیوەڕۆی هەموو دانیشتنەکانی ماڵی خۆشمان
خاڵییە لەناوی من ..
بایی یەك ئێوارە ژیانم دەویو
بایی یەك ئێوارە ڕوانین ..

دەئەی مەرگ ڕێگەم بدە

دواپین هەناسەمت دەدەمێ ..

دایکە ..

دواپین گلەیی بێت

یەکەم دێڕی قەسیدەیەکت بۆ نەنووسیم ..

دواپین دێڕیشت دایە دەست فەنابوون ..

کەس نییە تەفسیری دواین بێدەنگیتم بۆ بکات

ئیتر گوێ لەدواپین گریانەکانیش ناگرم ..

چونکە نازانم دواین لایلایەت بۆ کێ دەبێت

دواین فرمێسکی منیش کەس ئەدرەسی نازانێت ..

مەرگ نەبێت بەکەس ئاشنانیم ..

فڵچەکەی دەستم بایی یەك تابلۆ ڕەنگی پێنەماوە ..

سۆراخی ئەم بێدەنگییەم لەپای چی ..؟

ڕەنگی وەریوی هەموو گەڵاکان لەچاوم دایە ..

سەرمای هەموو شەوە درێژەکانی ساڵ دەستی تەزواندووم ..

تەنها گوڵێکی ئەم بەهارە نەبوو

بۆنی ژیانی تێدابێت ..

گەرمی هەموو نیوەڕۆکانی ساڵ ڕەنگیان بردووم ..

غەریبترم لەو باڵندەیەی

لە بێ لانەییدا ئێواران

بۆ دورترین چۆڵەوانی باڵەکانی لێکدەدات ..

دە ڕێگەم بدەن

دواپین سەفەرو دواین ماڵئاواییمە ئەم ئێوارەیە ..

ئیتر بەخیلی بەبەرائەتی منالێك نابەم

کە بێدەنگی هەموو ڕۆژێك کۆلارەکەی لێووندەکات ..

ئیتر گوێ بۆ نزا گریاوەکانی باوکیشم ناگرم ..

تەسبیحاتەکانی منالیشم لێرە جێ ناهێڵم ..

سەفەرەو بەرەو وڵاتی مەرگ دەڕۆم ..

زەمەن هاوکێشەیەکی چەند ئاڵۆزە

بەمن حەل ناکرێت هاوڕێ ..

ئەدرەسەکەم ڕێگەیەکی دوورە بەرەو گۆڕستان

ئەگەر جورئەتی پرسیارێك هەیە ..

دواپین فرمێسکمەو هەڵدەوەرێت ..

دواپین وەسێتمەو جێتان دەهێڵم ..

دواپین تەماشامەو کەس نابینم ..

کات زەمەنی شەوە
شار لەخەوێکی قوڵدایە ..
ئازیزترین هاوڕێی دەڕواو کەس پێی نازانێ ..
هەموو بایەقوشەکانی ئەم وڵاتە نەیانتوانی
بە سرودێکی شووم نەفخی دۆڕانم بۆ لێبدەن
ئێستا تەنیایی دەمبات بۆ ماڵی مردن
دوایین ئێوارەمەو دەڕۆم ..
گریانەکانتان بەرنەوە بۆ هەڕاج خانەی نیشتمان
من کڕیاری سەبەتەیەك مەرگم
ئیتر تەفسیری هیچ خەونێکم پێ ناکرێت ..
تیشکی خۆری هیچ بەیانییەك نامترسێنێت
بۆ ئاوابوونی هیچ غروبێکیش ناگرییەم
دوایین ئیوارەو دوایین پیاسەی تەنیاییمە ..
ئەم بەیانییەش شومترین وەرزی گەڵایەکە
کە ئیتر کەس نییە بۆمەرگی بگرێت
دوایین فرمێسکم لە سەر دەستی ئەو جێدەهێڵم ..
دوایین نیگام لە تابلۆیەکی بێدەنگ دەچێت ..
کە ڕەنگەکانی لە توڕەیی باوکم‌و گریانەکانی دایکم جێمابن ..
دوایین وەسێتم شوێن پێیەکمەو
لەسەر سینگی شەقامێکدا بەجێی دێڵم ..
هەناسەکانیشم دەدەم بەو منداڵەی
بایی نیوەڕۆیەك ئومێدی پێنەماوە
تافریای گێڕانەوەی مژدانەیەك بکەوێت بۆدایکی ..
من بەهیوای تیشکی فانۆسێك بووم تا
ئێوارەیەك بۆ دۆزینەوەی خشڵەکانی بەدبەختیم دایگیرسێنم ..
ئەسەف  لە دوایین قەدەری بێزار یوونیدا
بە ئیملایەکی سەقەت بۆی نووسی بووم:
"ببورە .. من چەند بەخشندەبم ڕەشەبا نایەڵێ ڕوناکیمت بەمێ"..

2006/4/13